سەرۆک کۆمار پشتیوانی تەواوی عێراق بۆ مافکانی گەلی فەلەستین و سەربەخۆیی دەوڵەتەکەیان دووپات دەکاتەوە



عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، سەرۆک کۆمار، ئەمڕۆ سەشەممەی، بۆ هاوتا فەلەستینییەکەی، مەحمود عەباس، پشتیوانی عێراقی بۆ مافکانی گەلی فەلەستین و پشتیوانی تەواوی بۆ مافە ڕەواکانیان و دامەزراندنی دەوڵەتەکەی سەربەخۆیان دووپاتکردەوە.

سەرۆکایەتی کۆمار لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کۆتووە باویکردەوە،سەرۆک کۆمار د. لەتیف جەمال ڕەشید، لە عەممانی پایتەختی ئوردن پێشوازیکرد لە مەحمود عەباس سەرۆک دەسەڵاتی فەلەستین. وتیشی لە میانی دیدارەکدا پەیوەندیی دووقۆیی نێوان هەردوو وڵات و گەلی برا تاوتوێ کرا، هاوکات جەختیانکردەوە لەسەر بەردەوامیی کاری هاوبەش بۆ پتەوکردن و پەرەپێدانیان لە بواری جیاجیاکاندا.

سەرۆک کۆمار هەڵوێستی پتەوی عێراقی لەبارەی کێشەی فەلەستین و پشتیوانی تەواویان لە مافە ڕەواکانی گەلی فەلەستین بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دووپاتکردەوە و ئاماژەیکرد بەوەی لە کۆرتی غەزە و ناوچەکانی دیکەدا گەلی فەلەستین ڕووبەڕووی بونیادنێوە کە بە کارەساتکی گەورەی مرۆیی دادەنرێت.

سەرۆک ڕەشید جەختیکردەوە لەسەر پێویستی هاریکاریی نێودەوڵەتیی جددی لەسەر ئاستی جیاجیاکان بۆ

گەیاندنی کەمک و فریاگوزاری بە گەلی فەلەستین دوای ئەو دەستدرێژییە ئاشکرایەی کە رووبەرووی بونەوە، هەروەها کارکردن بۆ دابینکردنی پێداویستیی پزیشکی و خۆراکی پێویست.

سەرۆک کۆمار جەختیکردەوە لە سەر پێویستی گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتیی لایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە پاراستنی هاووڵاتیانی مەدەنی و ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ئەو دەستدرێژییانە.

لای خۆیەوە مەحمود عەباس، سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستین پێزانینی خۆی نیشاندا بۆ پاپشتی عێراق لەسەر ئاستی گەل و ئاستی ڕەسمی بۆ گەلی فەلەستین و دەزی دادپەروەرانەیان و جەختیکردەوە لە پێوەندیی پتەوی نێوان هەردوو وڵات و گەل.

دیدارەکە بەئامادەبوونی سەرۆکی دەستەی هاوڕێکاران و پسپۆڕان لە سەرۆکایەتی کۆمار، دکتۆر عەلی شوکری، بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆک کۆمار، گوهدار محەمەد سەعید و باڵیۆزی کۆماری عێراق لە شانشینی ئوردن، عومەر بەرزنجی، لەگەڵ ژمارێیەک لە لێپرسراوانی فەلەستین بەڕێوەچوو .